**عەلی کەریم:**

# شانۆ بوونەوەرێکی سیحراوییە بۆیە نەمرە



لەم دیدارەدا عەلی کەریم، بە شێوەیەکی راشکاوانە و راستگۆیانە لاپەڕەکانی ئەزموونی هونەریو قۆناغەکانی ژیانی خۆی دەخاتەڕوو، دیارترین رەگەز لەم دیدارەدا کە بەلای منەوە جێگەی سەرنجە، (راشکاوی و راستگۆی)یە، ئەو باس لە پەیوەندیی نێوان (خۆی و سیاسەت خۆی و شانۆ، خۆی و دراما) دەکات، لە باسی شانۆ و سیاسەتدا دەڵێت: هیچ هێڵێك نییە سیاسەتو شانۆ پێکەوە ببەستێتەوە، هەشبێت من لەگەڵیدا نیم، چونکە ئەو جۆرە هێڵانە نەزۆکن!... هیوادارین ئەم گفتوگۆیە چۆن لای ئێمە جێگەی سەرنج و خوێندنەوەیە، بەهەمان شێوە ئەو هەستەش لای خوێنەر دروستکات..

**دیداری: کامەران سوبحان**

***سەرەتاکانی کاری هونەریت جۆرێك لە ململانێو ئاراستەی دژی تێدایە، بەجۆرێك دوای شەهیدبوونی (جەلال کەریم)ی برات گەر بەقسەو بۆچوونی باوکت بوایە دەبایە دەمانچەکەی ئەوت بکردایە بە بەر پشتوێنەکەتداو جێگەی ئەو برا شەهیدەت بگرتایەتەوە، بەلام ئەم قسەیەی باوکت لای تۆ بایەخی نەبوو، راستە ماوەیەك دەمانچەکەت کرد بە بەر پشتوێنەکەتدا، بەلام ئەو دەمانچەیە فیشەکت پێ نەتەقاند، پاشتر نەك نەبوویت بە شۆرشگێر، بەلکو بوویت بە ئەکتەر، ئەم دوو ئاراستە دژ بەیەکە لە سەرەتاکانی ژیانی تۆدا چ رۆڵێکی هەبووە لە بونیادی کارەکتەری هونەریو کۆمەلایەتیی تۆدا؟**

-لەسەرەتادا کە باوکم بە بەرچاوی ئەو خزمو کەسوکارو هاورێیانەی شەهید (جەلال)ەوە دەمانچەکەی خستە بەر پشتوێنەکەم، موچرکێك سەراپای جەستەمی هەژان، هەستێکی نامۆ دایگرتم، وام هەست ئەکرد منالمو باوکم گەمەم لەگەڵ دەکات، یان هەر بەراستی پێویستە درێژە بە تێکۆشانی شەهید (جەلال) بدەمو ناشبێت خانەوادەکەمان لەو کاروانەدا بەجێبمێنن. بەهەرحاڵ، دەمانچەکەم کردە بەر پشتوێنەکەمو هەولم ئەدا خاوەنی کارەکتەری خۆم ببم، بەلام بە ریتمو هەڵسوکەوتی ئەو رەفیقانەی شەهید یا بە راگرتنی هاوتەریببیەك لە ریتمو هەڵسوکەوتی منو ئەوان. رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی ئەوان بە من نامۆ بوون، ئەو دەمە هەولم ئەدا خۆم بنوێنم بەمەبەستی ئەوەی تێیانگەێنم کە لەگەڵیاندا تەبام، بەلام وەك رۆح نامۆ بووم. نەشم ئەزانی چی بکەمو چۆن بەرچاو روون بم، لەلایەك قسەی باوکم نەشکێنم، لەلایەکی ترەوە خواستی شەهید جەلال کە هانی ئەدام بەردەوام بم لە گەشەپێکردنی ئارەزووە هونەرییەکانم، ئەم دوو ئاراستە دژ بە یەکە لە ساڵی 1968ەوە تا سەرەتای ساڵی 1971 بەردەوام هەراسانی کردبووم، لەو سێ ساڵەدا نەمتوانی بەشداریی چالاکیی هونەری بکەم، نەك هەر ئەوەندە، بەلکو هەندێ جار بە چاوی سووکەوە ئەمروانییە چالاکییەکانی سەر شانۆ، وەك گۆرانیو هەڵپەرکێو نواندن، دواتر لە هاوینی ١٩٧١دا لەگەڵ هونەرمەندان د.فازیلو جیهاد دڵپاكو جەلیل زەنگەنە، (بەلام ئەمجارەیان بەبێ دەمانچە) بە حەزو ئارەزوویەکی لەبننەهاتووی بەجۆشەوە خۆشەویستیی خۆمم بۆ شانۆ راگەیاندو ئیدی لەو رۆژەوە من بۆ شانۆو خۆشەویستیی مرۆڤ و ئاشتی ئەسوتێم. دژی چەكو جبەخانەم، حەزم بە باخو گوڵزارە، رقم لە شەرە، ئاشتیخوازم، خوازیاری ئاسودەگیی مرۆڤم، دژی خۆسەپاندنم، دیموکراسیخوازم، دژی کۆنەپارێزم، بەلای منەوە ژن جوانترین خەڵقەندەی خودایە، خۆشەویستی پردی پەرینەوەیە رووەو رۆژگارە جوانەکان، شانۆ بوونەوەرێکی سیحراوییە بۆیە نەمرە، جوانترین دنیای هونەرە.

***هیچ کاتێك هەست ناکەیت ئەو حەزەی باوکت لە هەڵسوکەوتی ژیانی رۆژانەتدا رەنگبداتەوە، واتە هەست ناکەیت ئێستا تۆ بوویت بە ئەکتەرێکی ناودار، بەلام جاروبار جۆرێك رەفتاری رۆژانەت ئاماژەی ئەو حەزو ئاواتانە بوو کە باوکت دەیخواست لە کارەکتەری تۆدا هەبێت؟**

-نەخێر، چونکە لەو باوەردانەبووم باوکم مەبەستی ئەوە بووبێت رۆژێك لە رۆژان ببم بە ئەندامێکی سەرکردایەتی یان بەرپرسێکی گەورەی رێکخراوێکی سیاسی، بەلکو تەنها مەبەستی ئەوەبووە کە خانەوادەکەمان شەرەفی بەشداریکردنی تێکۆشانی هەبێت لە پێناوی نیشتماندا، ئەگەر دوای ئەو مێژووەش پەیوەندیم هەبووبێت بە ریزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە، دیسانەوە هەر بە مەبەستی خەباتکردن لە پێناوی نیشتماندا بووە، کە ئەوەش لە حەفتاکانو هەشتاکاندا تا سەرهەڵدانی راپەرین ئەرکێکی نەتەوەییو مرۆیی بووە، نەك لە پێناوی خۆماندا، بەڵکو بە مەبەستی داکۆکیکردن بووە لە خەڵکانی ستەمدیدەو بەشخوراوان، کە پێم وایە ئەمە ئەرکێکی مرۆییە لە پێناوی ئازادیی تاكو کۆمەڵ، بەلام ئەوەت لێ ناشارمەوە کە هەندێ جار لە هەڵسوکەوتی رۆژانەمدا هەولم ئەدا یان هەندێ جار بە ئەنقەست هەڵسوکەوتێکم ئەکرد تەنهاو تەنها مەبەستم خۆنواندن بوو (واتا خۆم بنوێنم تا رادەی غرور)، خۆشم نەمئەزانی بۆچی ئەم رەفتارە ئەکەم، ناشمەوێت نموونە بهێنمەوە، چونکە نموونە زۆرن. ئەگەر بڵێم رێبەری لە خۆم بەتەمەنترم کردووە درۆناکەم، نەك لەبەر ئەوەی حەزم بە خۆسەپاندن هەبووە، نەء، تەنها حەزێك بووە، خۆشم نازانم لە کوێو کەیەوە سەرچاوەی گرتووە. من بە بەردەوام لەململانێدام لەگەڵ ئێستا، خەون بە ئایندەوە ئەبینم. وا هەست ئەکەم ئایندە رووبارێکی بەخورە

لەگەڵ خۆیدا بەرەو کەنارەکانی ئارامبوونەوە ئەمبات.

***بەڵام لەگەڵ خەونی تۆدا بە ئایندەوە هەست ناکەیت بەشێکی زۆری کارە هونەرییەکانت بارگاوی بوون بە سیاسەتەوە، گەر بە چاوێکی رەخنەگرانەوە لەو چل ساڵەی رابردووی ئەزموونی نواندنی خۆت وردبیتەوە، پێت وایە ئەو پەیامەی هەتبووە لە شانۆدا پەیامێکی ئیستاتیکیو هونەریی رووت بووە، یان بارگاوی بووە بە کاری سیاسیو ئایدیۆلۆژییەوە؟**

-تۆ باسی چل ساڵی کاری هونەریی من ئەکەیت، چل ساڵ مێژوویەکی پڕ لە گۆرانکاریو وەرچەرخانە، واتە پڕبووە لە خەونو جولەو تێکشکانو هەڵسانەوە چ وەك خۆم وەك تاك، یان گەلەکەم وەك کۆ، لێرەوە تۆ بڵێی من بتوانم خۆم لەوی دی جیابکەمەوە، یان ئەوی دی بخەمە پەراوێزی خەونو تێرامانە پڕ لە رەهاکانمەوە؟ ئەوانەی کە جیوەیین ئەوانەی کە پڕن لە جولە، من بەشێکم لە ئێستاو دوێنێ، سبەینێ پرۆژەیەکی بەردەوامە، لەم حاڵەتەدا ئەتوانم لە دەرەوەی مێژوودا بم، حەزئەکەم تۆ وەڵامم بدەیتەوە، چونکە من هەرگیز ئەگەرچی بارگاویی سیاسەت بووبم، بەرهەمەکانم وەك (پاسەوانی هارۆڵد پێنتەرو (سرودی خۆشنودی) چەند بەرهەمێکی دۆستۆیڤیسکیو سزاو و تاوانی هەر هەمان نووسەرو زووتریش لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکاندا وەك (دکتۆر پاڵمی)و (مانگی ئاوابوو) ئەوەندەی لە ئازادیی تاك ئەدوێن ئەوەندە بارگاویی سیاسەت نین، خۆ ئەگەر واش بووبێت، ئەی لایەنە هونەرییەکانی تێکرای ئەو شانۆییانەی کە نمایشکراون، وەك: (سروودی خۆشنوودی، تەقینەوە)، کە سینەمای تیا بەکارهێنرا، کالیسگەی مەرگ، یان بە شانۆییکردنی قەسیدەیەکی شاعیر (قوبادی جەلی زادە) بە ستایلێکی شانۆیی ئاهەنگاسازی بە بەرهەمهێنرا، ئەمانە بەڵگەن کە من بەتەنها بۆ سیاسەت کاری هونەریم نەکردووە، بەڵکو هەموو ئەو شانۆییانەی کە بەشداریم تیاکردوون وەك (سروودی خۆشنوودی، دیفز دیفز، پاسەوان، سزا و تاوان) شانۆگەلێك بوون زیاتر لە مەسەلە ئەزەلییەکانی مرۆڤ ئەدوێن وەك خۆشەویستیو ئازادیو مەرگ، ئەمەش ئەوە ئەگەێنێت بەرهەمەکانی قۆناغی دوای راپەڕین کە ئەتوانین بە قۆناغی تێپەڕاندنی قۆناغی رزگاریی نیشتمانیی دابنێین زیاتر وەك ناوەڕۆكو بەرهەمهێنانی شانۆیی بەلای مەسەلەو کێشە



ئینسانییەکاندا ئەڕوانێت، واتە هەڵگری پەیامێکی ئیستاتێکیو هونەریو مەعریفین، خۆ ئەگەر مەبەستت ئەو بەرهەمە شانۆییانە بێت لە ساڵانی هەفتاکانو هەشتاکاندا کە ساڵانێکی رووبەڕووبوونەوەو بەگژداچوونەوەیە لەگەڵ داگیرکەراندا ئەوا نەك من، بەڵکو هەموو شانۆکاران بەو ئاراستەیە نمایشە شانۆییەکانیان بە بەرهەم ئەهێنا، بۆ نموونە: (راستییەکە مرد، ئابلوقە، زەلکاو، مانگی ئاوابوو، دووڕەگ، پردی ئارتا، د.پاڵمی، ترێو رێوی، مولەت، دوژمنی گەل) هتد...

***بەڵام ئەم بیرکردنەوە شۆڕشگێڕییە تارادەیەك تارمایی لەسەر کارە شانۆییەکانی تۆدا هەیە، لە شانۆیی (تەقینەوە)دا کە لە بەغدا لە فێستیڤاڵێکی شانۆییدا نمایشکراو زۆر خەڵاتی بەدەستهێنا، تۆ کە دارێژەری دەقی (تەقینەوە) بوویتو لە هەمانکاتیشدا یەکێك بوویت لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی، بە تێڕوانینێکی مارکسیو لینینیانە ئەم شانۆییەتان بەرهەمهێنا، پاش نزیکەی (سی ساڵ) بەسەر ئەم شانۆییەدا، هەست ناکەیت تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژیانەت هەبووە بۆ شانۆو ئێستا ئەو روانینانە لە شانۆدا بەئاسانی جێگەیان نابێتەوە؟**

-زۆر راستە، بەڵام من وەکو ئەکتەر، یان هەندێ جار لە (مەرەزە، یەك دوو سێ، تەقینەوە)دا کە پەیوەندیی بە دەرهێنەرو ئەو لایەنەوە هەبووە کە لایەنی بەرهەمهێنەرن. ئەوسا منیشو لایەنی دەرهێنەر لە ژێر کاریگەریی بارودۆخە سیاسییەکەدا بووین، بۆ نموونە: (تەقینەوە) وەك نمایش لە حەساسترین زەمەنی پەیوەندیی سەرکردایەتیی کوردو رژێمی بەغدادو لە گەورەترین میهرەجانی هونەریی کوردیدا بووە، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو من بۆ خۆم دووسێ ساڵ بەر لەوە لە رێگەی پەیوەندیم لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادرەوە لە ناو ریزەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)ەوە لەگەڵ هونەرمەند (جیهاد دڵپاك) کارمان ئەکرد، تۆ بڵێی لەم حاڵەتەدا من بەرد بوویم، یا مرۆڤ؟ خۆ ئەگەر مرۆڤ بوویم واتە رۆچوونە ناو رووداوەکان، رۆچوونە ناو رووداوەکانیش یانی تێکەڵاوبوون بە وردەکارییەکان، ئەی ئیتر بۆ لەم بەیەکداچوونەی منو رووداوەکاندا حاڵەتێك لە ئینسانییەت بەرجەستە نەبووبێت، سەرباری زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیا یان حاڵەتێکی شۆڕشگێڕانە بەسەر هەندێ بەرهەمی شانۆییم لە هەندێ قۆناغدا: وەك (تەقینەوە) کە لە دارشتنەوەی من بوو، یا بەشداربوونم لە (د.پاڵمی و دووڕەگو مانگی ئاوابوو) کە سەرباری مەسەلە سیاسییەکەی ئەم (دەقانە)، بەڵام وەك حاڵەتە (زاتییەکان) بەتایبەتی لە کارەکتەری (د.پاڵمی و روبەتو لانسەر) لە شانۆییەکانی (د.پاڵمی و دووڕەگو مانگی ئاوابوو) کە بەقەد ئەوەی کێشە سیاسییەکانی ئەخستە روو، ئەوەندەش مەسەلە (زاتییەکان)ی بەتایبەتی (رۆبەرت) لە (دووڕەگ)و سەرۆکی موخابەرات لە (د.پاڵمی)و (لانسەر) لە (مانگی ئاوابوو) ئەخستەروو، بۆیە ئەڵێم نەك دوای سی ساڵ تەمەنی هونەریم، بەڵکو هەر لە دوای ئەوەی تێگەیشتم کە شانۆ کردەیەکی ئیستاتێکیی هونەرییە، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە شانۆ سروتێکی پڕ تەلیسمە، لێواو لێوە لە سیحر، تێکەڵە بە شیعر، جێگەی (ئایدیۆلۆژیای) تیا نابێتەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیا بنبەستبوونە، نوێخوازیو ئەزمونگەرایی بەردەوامبوونە، بۆیە بەرهەمەکانی ساڵانی ناوەراستی هەفتاو هەشتاکان ئەگەر لە روانگەی فیکرو ئایدیۆلۆژیای (موجەرەدەوە) هاتبێت، ئەوا پەیوەندیی بە هزرو تێگەیشتنمەوە هەبووە، ئەوسا هەر ئەوەم بۆ کراوەو هەر ئەوەندەش تێگەیشتووم لە هونەرو ئیستاتیکای شانۆ.

***باسی ئەوە دەکەیت کە گوایە شانۆییەکانی دوای راپەڕین زیاتر بەلای مەسەلەو کێشە ئینسانییەکاندا ئەڕۆن، واتە هەڵگری پەیامێکی ئیستاتیکیو هونەریو مەعریفی بوون، من تەواو پێچەوانەی تۆم، بەوەی جگە لە هەندێ کاری کەمی شانۆیی، دوای راپەڕین دەرگا کرایەوە بۆ هەندێ بەناو نمایشی بازرگانیو کاری سواو و لاواز، بەمەش بەتەواوەتی دەرگای هۆڵەکانمان لە بینەران داخست، تۆ بۆ ئەم حاڵەتە دەڵێی چی؟**

-بەر لە هەموو شتێك من باسم لە شانۆی (جادد) کردووە، نەك ئەو بەناو شانۆییانەی کە تەنهاو تەنها بۆ پارە پەیداکردن بوون، چونکە بەلای منەوە ئەو شێوە نمایشانە نە شانۆنو نە ئەکتەرەکانیشیان هونەرمەندن. ئەوان کۆمەڵێك نا هونەرمەندی بازرگانن گەمە بە عەقڵو سۆزو هەڵچوونو هزری جەماوەر ئەکەن، تەمەنیشیان کورتە، چونکە ئەوان گاڵتەجارنو خۆشیانو جەماوەر ئەخەڵەتێنن. من کە باسی قۆناغی دوای راپەڕینم کردووە مەبەستم ئەو بەرهەمانە بوون کە لە فێستیڤاڵەکانی یەکەمو دووەمو سێیەمو چوارەمی شانۆی سلێمانی پێشکەشکران،

بۆ نموونە (گەشتەکەی ئەمجارەی حەسەن)ی کامەرانو (ماکبێس)ی ئۆمیدو (دیفز دیفز)ی میسری یان کۆشکو سروودی خۆشنوودیو سزاو تاوانو زۆربەی نمایشەکانی (تیپی هاورێیانی گەزیزە)و بەرهەمەکانی هۆڕێنو هیواو لەم دواییەشدا نمایشەکانی پێشرەو و سەفین، ناشبێت هەندێ هەوڵی گەنجەکانی سەرەتای نەوەدەکانمان بیربچێت لەوانە یەك دوو بەرهەمی تیپی شانۆی نۆژەن.

***بەلای تۆوە ئەم نمایشانە هەڵگری پەیامێکی ئیستاتیکیو هونەریی مەعریفی بوون؟**

-بەڵێ، وەرە با پێکەوە سەرنجێکی رەخنەیی لە بنەماو پێکهاتە هونەرییەکانی ئەم نمایشانە بدەین: (ماکبێس)ی ئۆمیدو (گەشتەکەی) کامەرانو (دیفز دیفز)ی میسری، لە رووی بابەتەوە دەقەکان هەڵبژاردەنو هێڵە دراممییەکان تۆکمەو جوان رەسمکراونو پەیوەندیی کارەکتەرەکانیش هەڵقوڵاوی رووداو و شوێنەکانن، فەرموو بروانە بونیادی هونەریی ئەم نمایشانە: مەودا سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتیو جەستەیی کارەکتەرەکان، بەدەنگەوەچوونیان، بونیادی شوێنو کاریگەرییەکانیان، بەسەر شێوازی هەڵسوکەوتو جوڵەی ئەکتەرەوە، دارشتنەوەی پانتاییو بونیادنانەوەی پێکهاتەکانو بەشانۆییکردنیان، پتەویی بۆچوونە هونەرییەکانی دەرهێنەر لە میانەی پرۆسەی دەرهێنان بەنواندیشەوە چ وەکو (ئەدا)و چ وەکو بەرجەستەکرد. زۆربەی ئەو بەرهەمە شانۆییانە دووربوون لە (زهنییەت)و فیکری رووتو تاك رەهەند، یان یەك بۆچوون، حاڵەتێك لە جیوەیی جوڵەو فرە دەلالەت بەدی ئەکرا، لەم بەرهەمە شانۆییانەدا (چێژی هونەری)و پەیبردن بە نهێنییەکانی (وجود) وەك کێشەیەکی ئەزەلیی مرۆڤ هێڵی سەرەکیی بابەتەکە بوون نەك هەروەکو دەق، بەڵکو وەك یەکەیەکی هونەریی نمایشەکە، چونکە ئەم نمایشانە لە روانگەیەکی ئەستاتیکیی هونەریو مەعریفییەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە مەبەستو ئامانج لە بونیادی هونەرییان چێژی هونەریو پێکهاتەی گوزارشت ئامێزو جوڵەی جەستەیی مانابەخش بوون.

***ئەمە لە روانگەی تۆوە وا نا؟**

-بەڵێ، بەلای منەوە، چونکە مەرج نییە خوێندنەوەکان بۆ کارێکی هونەری چوون یەك بن.

***چل ساڵە کاری نواندن دەکەیت، بەراورد بەو چل ساڵە بەرهەمت لە بواری نواندندا (شانۆ، درامای تەلەفزیۆنی) زۆر کەمە، هاوکێشەی زۆری کاری هونەری لای تۆ چ ماناو دەلالەتێکی هەیە؟**

-بەلای منەوە زۆریی بەرهەم نیشانەی داهێنان نییە. من بۆ خۆم لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا نزیکەی (٣٠) بەرهەمی شانۆییو تەلەفزیۆنیم هەیە، ئەگەر بشمویستایە ئەمتوانی پتر لەم ژمارەیە کاری هونەری بە بەرهەمبهێنم، چونکە زۆر دەقی شانۆییو سیناریۆی تەلەفزیۆنییان خستووەتە بەردەستم، بەڵام من یا بەگومان بووم لە توانای دەرهێنەرەکە، یا سیناریۆکەم بەجوان نەهاتووەتە بەرچاو، ئەو هونەرمەندە هاوپیشانەیشم کە خەرمانێك بەرهەمی شانۆییو تەلەفزیۆنییان هەیە، ناو و شورەتیان نە لە من زیاترەو نە ئەوەندەی من لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا لێی دواون، ئەگەر بە چاوێکی رەخنەوە سەرنجی بەرهەمە شانۆییو تەلەفزیۆنییەکانم بدەیت ئەبینی هەر لە یەکەم کاری هونەریمەوە لە ساڵی (١٩٦٨)ەوە تا دوا کاری تەلەفزیۆنیم کە زنجیرە درامای (ژیلەمۆ)یە، بەرهەم دوای بەرهەم رووەو ئاستێکی هونەریی بەرزتر هەڵئەکشێت، چونکە من بە بەردەوام هەموو ئەزموونێکی هونەریی نوێم بە هەنگاو وێستگەی یەکەم ئەزانمو لە بەرانبەریدا هەڵوەستە ئەکەمو تووشی دوودڵیو دڵەراوکێ ئەبم، هەوڵیش ئەدەم ئەداو نواندنم یەك چوون نەبێت، بەرهەمەکانیشم شایەدحاڵن، زۆر شاعیریشمان هەیە بەیەك قەسیدە ناو و شورەتیان هەیەو هەر بەو قەسیدەیەش درەوشاوەن، شکسپیریش لە کۆی (٣٧) دەقی شانۆییەوە تەنها (٧) شانۆییان بەناوبانگەو هەر ئەو دەقانەیشە لە هۆڵە شانۆییەکانی دنیادا نمایش ئەکرێن.

***بەپێچەوانەی زۆر ئەکتەری ناودارو بەئەزموونی تری کوردەوە، تۆ لەگەڵ هەندێ دەرهێنەردا کارت کردووە کە ئەزموونو توانای هونەرییان لە ئاستێکی نزمدا بووە، بەڵام زۆرێك لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی دونیا مەرج دادەنێن بۆ دەرهێنەران بەمەبەستی کارکردن لەگەڵیاندا، ئەمە جگە لەوەی زۆر ئەکتەری نەوەی تۆش هەیە لە کوردستان لەگەڵ هەموو دەرهێنەرێکدا کاری هونەری ناکات، گەر لە سەداسەد دڵنیا نەبێت لە توانای ئەو دەرهێنەرە. ئایا تۆ**

**هیچ مەرجو تایبەتمەندییەکت هەیە بۆ کارکردن لەگەڵ دەرهێنەردا؟**

-من لەگەڵ هەندێ دەرهێنەر کارم کردووە کە ئەزموونو توانایان لە رووی هونەرییەوە لە ئاستێکی نزمدا بوون؟ من هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوە لەگەڵ دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی کەرکوک کارم کردووە، وەك هونەرمەندان (ئەنوەر محەمەد رەمەزان، د.سەلمان کاکەیی) لەو بەرهەمە تەلەفزیۆنیو شانۆییانەش (کچە لاڵەکە، بەهاری دزراو، مەرەزە، تەقینەوە) دواتر لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتادا لەگەڵ هونەرمەند د.فازیل جاف لە شانۆیی (دوورەگ) کە لە نووسینی نووسەری ئەمریکایی (لانگست هیوز) بوو ئەنجام لە ناوەراستی ساڵەکانی هەشتادا لەگەڵ هونەرمەند (ناسر حەسەن) لە زنجیرە درامای (ژاڵە)و لە ساڵی (١٩٩٠)یشدا لەگەڵ هونەرمەند جەلیل زەنگەنە مونۆدرامای (سروودی خۆشنوودی) کە جێی سەرنجی زۆربەی رەخنەگری عیراقیو میسرییەکان بوو لەوانە: نازك الاعرجیو د.عقیل مهدیو یوسف الحیدریو هونەرمەندان ریاز شەهیدو هادی ئەلمەهدیو تەها سالمو زۆری تر، لەوەش بترازێت لە دوای راپەریندا لەگەڵ هونەرمەندان (کامەران رەووف) لە فیلمە تەلەفزیۆنییەکانی (مەرگی ئەرخەوانی، فرمێسکی رەش، مەملەکەتی خۆر)و حسێن میسریش لە شانۆییەکانی پاسەوانی (هارۆڵد پینتەر)و (دیفز دیفز)ی ئامادەکراو لە (پینتەر)و (سزاو تاوانی)ی دیستۆیڤسکیو ئەنجا بەشداریکردنم لە زنجیرە تەلەفزیۆنی (رابوون)ی نەجم هۆگر. ئەگەر ئەمانە واتە: د.سەلمانو د.فازیلو کامەران رەووفو جەلیل زەنگەنەو حسێن میسری وەك شانۆو نەجم هۆگر ئەزموون و توانای هونەرییان لە ئاستی نزمدایە، ئەگەر ئەمانە کەم ئەزموون بن، ئەی کێن ئەوانەی پڕ ئەزموونو من پەییم پێ نەبردوون؟ بەڕێز حەز ئەکەم ناوی یەك دوانێکیان بدرکێنیت بۆ ئەوەی منیش بیانناسمو ئەگەر هەستم کرد لە من بە ئەزموونترن ئەوا هەوڵئەدەم لێیانەوە فێربم. سەبارەت بە مەرجدانانو رەتکردنەوەی کارکردن لەگەڵ هەموو دەرهێنەرێکدا چ وەکو شانۆ، یان کاری دراما، ئێمە پرۆفیشناڵ نینو ئێستاش راستەوخۆ لە میانەی تیپە شانۆییە ئەهلییەکان، یاخود کەناڵە تەلەفزیۆنەکانەوە بەرهەمەکانمان بە بەرهەم دێت. ئێمە تا ئێستاش مامەڵەی هونەرمەندێکی ئارەزوومەندمان لە تەکدا ئەکرێ. سەبارەت بەو ئەکتەرانەیشی کە لە کوردستاندا نەوەی منن، جگە لە عومەر دڵپاك لە بەشی دووەمی گەردەلوولدا ئەویش کە مەرجەکەی زیادکردنی پاداشتەکەی بوو نەك لایەنی هونەری یا فیکری، حەز ئەکەم ناوی یەك ئەکتەری ترم بۆ بخەیتە روو کە مەرج ئەخەنە بەردەم دەرهێنەرەکانیان، یان



دەرهێنەر رەتئەکەنەوە، ئەکتەرگەلی نەوەکەی منیش ئەمانەن: (عەبدولی حەمەجوان، عەلی نوری، عومەر دڵپاك، ئازادی حەمە بچکۆل، ئازاد جەلال، ئەحمەد سالار، کاوەی ئەحمەد میرزا، عەلی توانا، تەها خەلیل، جیهاد دڵپاك) کامیان تا ئێستا دەرهێنەری رەتکردووتەوەو مەرجی بۆ داناوە؟ بۆیە ئەڵێم نەخێر من هیچ مەرجێك بۆ دەرهێنەر لە کاری شانۆیی یا تەلەفزیۆنیدا دانانێم تەنها مەرجێك نەبێت، ئەویش مەرجی جوانیی سیناریۆو ئەو کارەکتەرەی کە دەرهێنەر بە منی ئەسپێرێت بۆ نواندن، دیارە ئەمەش مافی هەموو ئەکتەرێکە نەك لە کوردستاندا، بەڵکو لە ئەوروپاو هۆلیوودو میسرو سوریاو تورکیاو ئێرانو زۆر شوێنی تریش.

***ببوورە تۆ ناوی هەندێ دەرهێنەرم پێ ئەڵێیت بەدڵنیاییەوە ئاستی هونەریو توانای داهێنانیان جیاوازە، من بەو رەهاییە ناڵێم کە گوایە تۆ لەگەڵ هیچ دەرهێنەرێکی ناودار کارت نەکردووە، بەڵام رەنگە بە ئەزموونو توانای هونەریو مێژووی کارکردن بێت، تۆ لەچاو یەك دوو لەو دەرهێنەرانە جیاوازبیت، ئایا ئەمە سنگفراوانیی خۆتە بەرانبەر دەرهێنەرەکان، یان جۆرێکە لە سەرکێشیی هونەری؟**

-با بێینە سەر ئەو دەرهێنەرە شانۆییانەی کە من کارم لەگەڵدا کردوون، فازیل جاف لە شانۆیی (دوورەگ)، جیهاد دڵپاك لە شانۆیی (د. پاڵمی)، جەلیل زەنگەنە لە شانۆیی (مانگی ئاوابوو)و (سروودی خۆشنوودی)، حسێن میسری لە شانۆییەکانی: (پاسەوان)ی پینتەرو (دیفز دیفز)ی ئامادەکراو لە پینتەرو (سزاو تاوانی) دەستۆیڤسکیو هتد... ئەم بەرهەمانە نەك من ئەیلێم ئەوەتا لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی رژێمو ئیستاش کە چۆن باسکراونو چەند بەنموونەیی ناویان هێنراوەو کێش لێیان دواوە، مەبەستم لەو قۆناغانە هەر ئەوان هەبوون و منیش لەگەڵیاندا کارم کردووە، ئیتر ئەزموونی من لەوان دەوڵەمەندتر بێت یاخود ئەوان لە من زیاتر ئارەزووی دەرهێنانیان هەبێتو پێکەوە رێککەوتبین لەگەڵ یەکدا کاری شانۆیی بکەین، خۆ ئەگەر بێینە سەر باسی کاری فیلمو درامای تەلەفزیۆنی، ئەوا ئەتوانم بڵێم زۆر کەس بەناوی دەرهێنەری دراماوە قسەیان لەگەڵدا کردووم بەو مەبەستەی کاریان لەگەڵدا بکەم، بەڵام من ئامادە نەبووم، کارکردنیشم لەگەڵ (حسێن میسری) لە کۆتایی نەوەدەکان لە هەردوو زنجیرە درامای (خۆرنەوەزانو خەمی چۆلەکەکان) سەرەتای هەوڵدان بوو بۆ کاری درامای تەلەفزیۆنی، ئەتوانم بڵێم ئەوەیان بەتایبەتی دوای ناو و شورەتم لە (ژاڵە)، جۆرێك بوو لە سەرکێشی و بە دڵنیاییشەوە تارادەیەکی باش سەرکەوتووبووم تیایداو شانازییان پێوە ئەکەم، چونکە هیچ کارێك بەدەرنییە لە کەموکوری. حەز ئەکەم ئەوەشت بۆ روونبکەمەوە کە من خۆم رەخنەگری خۆممو ئەگەر خوانەخواستە لە کارێکی هونەریدا شکست بێنم خۆم کۆئەکەمەوە بۆ ئەزموونو تاقیکردنەوەیەکی دی، بۆ نموونە لە ژیلەمۆدا سەرباری دەستخۆشی لێکردنی زۆری هاورێ هونەرمەندو جەماوەریش، خۆمو هەندێ لە هاورێیانی کاستەکە هەستمان بە کەموکوریی کارەکە کردووەو هەوڵیش ئەدەین لە بەرهەمەکانی ئایندەماندا ئەو هەڵەو کەموکورییانە کەمتر بکەینەوە یان بنەبریان بکەین.

***مادام تۆ داوای ناوی ئەکتەرم لێدەکەیت کە پێت بڵێم مەرجی دانابێت بۆ دەرهێنەر، بەدڵنیاییەوە ناوی ئەکتەرێکی هاوتەمەنی خۆتت پێ دەڵێم ئەویش (ئازاد جەلال)ە لە شانۆیی (بەدحاڵیبوون)ی ئەلبێر کامۆدا، کە کارێکی دەرهێنانی هاوبەشی منو (گۆران عەلی کەریم) بوو. ئەو ئەکتەرە هەندێ مەرجی دانا، مەرجەکانیش وەك تۆ ئاماژەی پێدەکەیت ماددی نەبوون، بەڵکو پەیوەندیی هەبوو بە تێروانینو گۆشەنیگای ئێمەو ئەوەوە بۆ شانۆ، دواجار بڕیاری دا رۆڵەکەی رەتبکاتەوەو ئێمەش بەدوای بەدیلدا بگەرێین. بۆ ئەمەیان چی ئەڵێیت؟**

-ئایا تێروانینو گۆشەنیگای ئێوە خۆی لە شێوازو ستایلی هونەریی کارەکەدا ئەبینییەوە، یان گۆرینی فیکرو بۆچوونەکانی دەقەکە بوو؟ من پێم وایە هەموو ئەکتەرێکی رۆشنبیرو خاوەن ئەزموون کۆکە لەسەر بۆچوونە هونەرییەکانی خۆی، بەڵام فرەبۆچوونو تێروانینی جیاواز بەڵگەی رەسەنایەتیی ئەزموونەکانن، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی فرەبۆچوونو تێروانینی جیاوازە، بەپێزیی بەرهەمەکانیش چ ئەدەبی بێت یاخود هونەری لێرەوە سەرچاوەیان گرتووە. بۆیە ئەبێ هۆکاری رەتکردنەوەکە روونو ئاشکرابێت، بۆ نموونە من بەرهەمی گۆران عەلیم بینیوەو ئاشنای شێوازو ستایلی ئەوم، ناکرێ نەزانم چۆن کار ئەکات، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بڕیاری خۆم ئەدەم، من وەك (عەلی کەریم) لە کاری شانۆییدا لەگەڵ تەوژمی نوێخوازیدام، لەگەڵ

بەکارهێنانی پێکهاتە جەستەییەکانم، حەزم بەوەیە لە ڕێگەی تۆرێك جوڵەی جەستەوە ئاماژەکان نمایشبکرێت بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی مەودای ماناکان بەئاراستەی گەشەکردنی کردارەکان رووەو تروپك، بەڵام رەنگە نەتوانم هاوئاهەنگ بم لەگەڵ گەنجێکی بەناو نوێخواز لە کاری شانۆییدا، بۆیە من بەدڵنیاییەوە ئەڵێم (ئازاد جەلال) بەگومان بووە لە توانای هونەریی (گۆران عەلی کەریم) نەك نەگونجان لە تێروانین و گۆشەنیگاکان.

***سەبارەت بەو مەرجەی عومەر دڵپاك لە بەشی دووەمی گەردەلولدا کە تۆ باسی ئەکەیت رەنگە ئەوەش مافی خۆی بێت، ئایا پێت وانییە شانۆش وەك هەموو لایەنە سیاسیی و بازرگانیی و کۆمەڵایەتییەکانی تر مافی ماددیی و مەعنەویی خاوەن پیشەکە پارێزراوبێت. من ئەو هەوڵەی عومەر دڵپاك بەو شێوەیە دەخوێنمەوە، نازانم تۆ بۆچوونت لەسەر ئەو تێروانینەی من چۆنە؟**


-من لەگەڵ تۆدام، پاراستنی مافە ماددیی و مەعنەوییەکانی هونەرمەندو نووسەران مەرجێکی گرنگی کارکردنەو پێویستیشە سەندیکاو رێکخراوەکانی هونەرمەندان کاری جددیتری بۆ بکەن و هەوڵیش بدەن لە پەرلەمان ببێت بە یاسایەکی تایبەتی و لایەنە بەرهەمهێنەرەکان پابەندی بن، بەڵام من پێم وایە هەڵسوکەوتەکەی هونەرمەند عومەر دڵپاك لەو بۆچوونەی ئێمەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بەو پێیەی ئەو واتا (عومەر دڵپاك) لەوەوپێش لە بەشی یەکەمدا گرێبەستی مۆرکردبوو بەو برە پارەیەی کە رێککەوتبوون لەسەری، راستە ئەمە بەشێکی ترەو گرێبەستێکی ئەوێ، بەڵام رەتکردنەوەی لەم شێوەیە ناخرێتە خانەی رەتکردنەوەیەکی ئوسوڵی، کە بگونجێ لەگەڵ هەڵسوکەوتی هونەرییانەو بەرزراگرتنی بەرهەمەکە.

***بەدەر لەو لایەنانەی کاری هونەری، لە پەیوەندیی نێوان شانۆ و سیاسەت، وەك ئەکتەرێك پێت وایە کام هێڵ هەیە سیاسەت و شانۆ پێکەوە ئەبەستێتەوە، بەو واتایەی تۆ وەك ئەکتەرێك لە ترۆپکی کاری نواندنی سەر تەختەی شانۆدا بوویت، لە هەمانکاتیشدا کارەکتەرێکی سیاسی بوویت و کادیری مەڵبەندێکی حیزب بوویت؟ رەنگە ئەمە هیچ نەنگییەکیشی تێدا نەبێت، ئایە پێت وایە شانۆکار دەتوانێت ئەم دوو لایەنە پێکەوە ببەستێتەوەو ئەرکی ئەمیان نەخات بەسەر ئەویاندا؟ یان ئەم دوو لایەنە دوو راستەهێڵن و هەرگیز بەیەك ناگەن، لە بارودۆخێکی ناتەندروستی وەك کوردستاندا نەبێت؟**

-بەرلەوەی بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزتان، ئەمەوێ روونکردنەوەیەکتان بخەمە بەرچاو. من نە لە ریزەکانی کۆمەڵەو دواتریش (ی.ن.ك) ئەندامێکی چوست و چالاك نەبووم، هەروەهاش لە شۆرشی ساڵی ١٩٧٦دا پێشمەرگە نەبووم، دواتریش لە دوای دامەزراندنی حکومەتی کوردستان و بەرقەراربوونی کاری حیزبایەتی و دەزگا سیاسییەکان هەرگیز داوای وەزیفەو پلەو پایەم نەکردووە تا ببم بە ئەندام مەڵبەندی حیزبێك یا هەرچ پلەیەکی دی، کە پۆستی ئەندام مەڵبەندیشم پێ سپێردرا، نەموت بۆم ناکرێت، وتم شارەزاییم لێی نییە، وتیان گرنگ نییە وردە وردە فێرئەبیت، وتم عەیبدار ئەبم، حەز ناکەم کارێك بکەم دروست نەبێت، وتیان گرنگ لەناوماندا بیت، بوونت زەرورییە. بەدرێژایی ئەو سێ ساڵەی کە ئەندام مەڵبەند بووم، بەشداریی دوو فیلمم کردووە، ئەوانیش (فرمێسکی رەش و مەملەکەتی خۆر) و هەروەها شانۆیی (گالیسکەی مەرگ)ی ئامادەکراو لە شانۆیی (رغبە تحت شجرە الدردار)ی (یوجین اونیل)، لەم سێ ساڵەدا هەرگیز سازشم نەکردووە لەگەڵ بیروبۆچوونە هونەرییەکانم و لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیشدا وەك هونەرمەندێکی سەربەخۆ راوبۆچوونەکانم خستووەتەروو، چونکە رێکخستنەکانی (ی.ن.ك) لە گوڵدانێکی رەنگاو رەنگ ئەچن، وەك چۆن کەسێکی سۆشیال دیموکرات جێی تێدا ئەبێتەوە، هەر ئاوەهاش جێی راوبۆچوونی ئینسانی هونەرمەندێکیشی تێدا ئەبێتەوە، دڵنیاشم هیچ هێڵێك نییە سیاسەت و شانۆ پێکەوە ببەستێتەوە، هەشبێت من لەگەڵیدا نیم، چونکە ئەو جۆرە هێڵانە نەزۆکن، چاکتریش وایە هونەرمەند وەك فیکرو بۆچوون و تێرامان لە مەسەلەکان سەربەخۆو راستگۆ و وردبین بێت.

***وەك ئاگادارم تۆ ئەندامی هیچ رێکخراوێکی هونەری نیت، ئەمەش جۆرێك لە پرسیارو گومان دروست ئەکات، ئایا باوەرت بە کاری ئەو رێکخراوە هونەرییانە نییە؟ یان گرفتت لەگەڵ شێوازو جۆری کارکردنیاندا هەیە؟ پێت وایە رێکخراوە هونەرییەکانی کوردستان دەتوانن زەمینەی داهێنان بۆ هونەرمەندی کورد برەخسێنن؟**

-ئەندام نەبوونم لە هیچ رێکخراوێکی هونەری ناکاتە ئەوەی جۆرێك لە پرسیارو گومان دروست ببێت،



**دیمەنێك له زنجیره درامای ژیلەمۆ**

مەسەلەکەش خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە باوەڕم نەبێت بە کاری ئەو ڕێکخراوانە. ئەوەندەی من بزانمو تێگەیشتبم لە بەرنامەو کاری ڕێکخراوی هونەریو ئەدەبی تەنهاو تەنها بوار ڕەخساندنو خزمەتکردنی هونەرمەندانە بەئاراستەی پاراستنی مافی کەسێتیو هونەریو کۆمەڵایەتیی هونەرمەندان، بەڵام ئەم ڕێکخراوانەی ئێمە تا ئێستاش لەبەر هەندێ هۆ نەپەرژاونەتە سەر پەیڕەوکردنی بەرنامە ئەساسییەکانی پاراستنی مافە ماددیو مەعنەوییەکانی هونەرمەندان، هەر لە پاراستنی باری کەسێتییەوە تا ئەگاتە پاراستنی بەرهەمەکانی، مەسەلەی دابەشکردنی زەویو موچەی ڕێزلێنانیش هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە، دواتر ئەگەر بمەوێت بچمە ڕیزی ئەو ڕێکخراوانەوە چیم دەستئەکەوێت؟ ئەمکەن بە هونەرمەند ئەگەر خۆم توانام نەبێتو لەبارنەبم بۆ ئەو پیشەیە؟ یان ئەبێت شەش مانگ بژمێرم تا یەکێکی تر ئەبێتەوە بە سەرۆك؟ دیارە ئەم شەش مانگ یان ساڵی جارێك لاساییکردنەوەی پارتیو یەکێتییە. ئەگەر سەندیکای هونەرمەندانو یەکێتیی هونەرمەندان پاشکۆ نین بۆچی کۆنگرەیەکی سەربەخۆی ئازادانەی چاونەترسانەی خۆیان نەبەستنو سەر لەنوێ زۆر بە ئازادی ئەنجوومەنێکی باڵا هەڵنابژێرن لە نوێنەرە جوامێرو ڕاستگۆو ئازاکانی خۆیانو ئێمەش لەم نارەحەتییە ڕزگاربکەن؟ ئەوان لەسەر ناوی ڕێکخراوەکە ڕێکناکەون، خۆ خوانەخواستە ئەگەر گرژییەك بکەوێتە نێوان پارتیو یەکێتییەوە، دڵنیام بەر لە پەرلەمانو حکومەتو وەزارەتەکان ئەم ڕێکخراوە لە یەك جیا ئەبنەوەو ئەبنەوە بە سەندیکاو یەکێتی. بەکورتی یەکێتیی هونەرمەندان مێژوویەکی پڕشنگداری هەبوو، نەدەبوو بەو ئاقارەدا بڕوات، کە ئەمەش ئەڵێم مەبەستم ئەوە نییە لایەنگری یەکێتیی هونەرمەندان بمو پشت لەسەندیکا بکەم، نا.. من خوازیاری یەکگرتنەوەی ئازادانەی هەموو هونەرمەندانم، بەو هیوایەی ئەو یەکگرتنەوەیە لە قازانجی هونەرمەندان بێت.

***لە ئێستادا قسەو باسێکی هەمەلایەنە لەسەر ڕەخنەی شانۆیی دەکرێت، بۆچوونێك پێی وایە ڕەخنەی شانۆیی نییە، بۆچوونێکی تر پێی وایە هەیە، بەڵام شانبەشانی ڕەوتی پراکتیکیی شانۆ هەنگاو نانێت، بۆچوونی سێیەم بەپێچەوانەی ئەو دوو تێڕوانینەی ترەوە پێی وایە ئاستی ڕەخنەی شانۆیی لە ئاستی ڕەوتی شانۆ لە پێشترە. بۆچوونی تۆ لە چ سنفێکی ئەم تێڕوانینانەدا پۆلێن ئەکرێن؟ یان تۆ تێڕوانینێکی جیاوازترت هەیە بۆ ڕەخنەی شانۆیی؟**

-هەموو ئەو بۆچوونانە تێڕوانینو بۆچوونی خاوەنەکانیانن، هیچ یەك لەم بۆچوونانە سەراپاگیرو گشتگیر نین. ئێمە ناتوانین بڵێین ڕەخنەی شانۆیی لە ئاستی ڕەوتی شانۆ لە پێشترە، چونکە ئەگەر وابێت ئەوا دیارە نووسینو وتارە ڕەخنەییەکە هەڵقوڵاوی بابەتە شانۆییەکە نییە، بەڵکو وتارێکی ڕەخنەیی ئامادەکراوی پێش

وەختەیە. رەخنە بەرهەمی بابەتە هونەرییەکەیە (شانۆییەکە)، کە بابەتەکە نەبوو ئیتر رەخنە لە کوێیەوە بوونی خۆی ئەسەلمێنێت؟ لە ئێستاشدا رەوتی پراکتیکیی شانۆی کوردیمان سستو لاوازو بنبەستە، جموجۆڵێکی شانۆیی ئەوتۆ لەئارادا نییە بتوانێت بزاڤی رەخنەی شانۆیی بخاتەگەرو جوڵە، ئەوەیشی لە قۆناغەکانی حەفتاو هەشتاکانو دوای راپەرین خراونەتە سەر لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤارەکان لەباری سەرنج تێپەرنەبووە، ناشبێت هەندێ ناو لەبیربکەین، لە ناوەراستی حەفتاکانو هەشتاکاندا (ئەحمەد محەمەد ئابلاخیو ئەنوەر قادر رەشیدو موحسین محەمەدو سەباح هورمز) دواتر (دانا رەووف) هەڵکەوتن و برەوی بە وتارە رەخنەییەکانی داو تا ئێستاش بەردەوامە، لە سەرەتای راپەرینیشدا چەندین ناو دەبینرێن، لەوانە دڵشاد مستەفا و بورهان قەرەداغی و چەند کەسێکی تر، لە چەند ساڵی رابردوویشدا نابێت هەوڵە جددییەکانی (کامەران سوبحان) لە یاد بکەین، بەنیسبەت منیشەوە وای بۆ ئەچم ئەگەر بزاڤی شانۆیی لە برەودا بێت هەڵبەتە رەوتی رەخنەی شانۆییش لە برەو و جوڵەدا ئەبێت، بەڵام لە ئێستادا بەلای منەوە نە شانۆمان هەیەو نە رەخنەی شانۆییش.

***ئاستی رۆشنبیری بۆ ئەکتەرو دەرهێنەر پێویستییەکی سەرەکیی داهێنانە، بەڵام ئەوەی ئێمە هەستی پێئەکەین ئەکتەرو دەرهێنەرانی ئێمە بەشێکی زۆریان سەروکاریان لەگەڵ کتێبدا نییە، لەم بارەوە بۆچوونی تۆ چییە؟**

-تۆ راست ئەکەی، منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێوەدام، زۆرینەی ئەکتەرو دەرهێنەرەکان دۆستایەتیی کتێب ناکەن، ئەوەندەی من ئاگام لێبێتو درکم پێکردبێت بەتایبەتی ئەکتەرەکانی ساڵانی حەفتاکان زیاتر لە کارە هونەرییەکان پەنا ئەبەنە بەر ئەو زانیارییە کەمەی کە ئەوسا هەیانبووە، دەرهێنەرو ئەکتەرەکانی ئەم دواییەش لە بەرهەمە شانۆییەکانیاندا دەرئەکەوێت کە بە سەقەتیو کەموکوری لە مەسەلە گرنگەکانی میتۆدە شانۆییەکان گەیشتوون، جوڵەو پێکهاتە جەستەییەکانیان لەو نمایشانەی کە من بینیومن لە فێستیڤاڵەکاندا زیاتر لە شەرەشەق ئەچێت نەک بەکارهێنانی زانستییانەی جەستە، وەك لە میتۆدەکانی گرۆتۆنسکیو مایەرهۆڵدو بارباو مەنوشکین دەرئەکەون، دیارە هۆی ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو میتۆدو بەرنامە شانۆییانە نەکراون بە کوردیو هونەرمەندە گەنجەکانیشمان شارەزایی زۆریان لە زمانی عەرەبی نییەو بەئاگانین لە تەواوی بەرنامەو میتۆدە شانۆییەکان.

***بۆچوونی تۆ لەسەر ئەو فێستیڤاڵە شانۆییانە چییە، کە لە شارەکانی کوردستاندا سازدەکرێت، بۆچوونێك هەیە**



**پێی وایە شانۆ لێرە تەنها لە فێستیڤاڵەکاندا ماوە؟ بەپێی راپرسییەکی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە شاری سلێمانی بەدەر لە فێستیڤاڵەکان، تەنها ٢ نمایشی شانۆیی تیپەکان هەبووە. بۆچوونی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟**

-سازدانی فێستیڤاڵ لەهەموو بوارەکانی چالاکییە مرۆییەکاندا بەرهەمی گەشەسەندنی بەردەوامی ئەو چالاکییە ئینسانییەیە، لەلای ئێمە بەپێچەوانەوەیە، فێستیڤاڵ سازئەدرێت بەمەبەستی پێشخستنی رەوتی چالاکییەکان، بۆ نموونە لە کوردستان بەمەبەستی بەگەڕخستنی چالاکیی شانۆیی هەوڵی سازدانی فێستیڤاڵ ئەدرێت، بەبێ ئەوەی دواتر، واتا دوای کۆتایی هێنان بەو فێستیڤاڵە لە ئەنجامەکانو دەرهاویشتەکانی بکۆڵرێتەوەو لایەنە باشەکان لە خراپەکان جیابکرێنەوە. ئەوەندەی من تێیگەیشتبم لەلای ئێمە فێستیڤاڵەکان بێبەرنامەنو تەنهاو تەنها مەبەست لە سازدانیان کەڵەکەکردنی چالاکییە. بۆیە بەلای منەوە ئەگەر رەوتی شانۆی کوردی بەتەوژم نەبێو لەرووی چۆنیەتییەوە بەرچاو و دیار نەبێت، سازدانی فێستیڤاڵ لە گەمەیەکی مندالانە ئەچێت، (ماڵە باجێنە)، هەروەکو لە پرسیارەکەی بەڕێزتاندا کە ئەڵێن لە راپرسییەکی ساڵی 2007دا بەدەر لە فێستیڤاڵەکان تەنها (2) نمایشی شانۆیی هەبووە، ئەمە بۆ خۆی وەلامێکی مەنتیقیو دروستی پرسیارەکەیە. گرفتەکە لەلای ئێمە نەبوونی چالاکیی شانۆییە، نەبوونی بەرنامەیەکی شانۆیی، بایەخنەدانی لایەنە بەرپرسەکان بەم هونەرە، هەموو ئەمانە گرفتن لەبەردەم بەچالاککردنی ئەم هونەرە، جگە لەوەی کە خودی شانۆکاران نەیانتوانیوەو ناشتوانن پرۆسەی ئەفراندن لە شانۆدا وەگەڕبخەنو رووەو ئاراستە هەڵکشاوەکانی بەرن. هەر لەبارەی سازدانی فێستیڤاڵەوە، فێستیڤاڵەکانی ئێمە داخراونو نەمانتوانیوە پانتایی ئەم فێستیڤاڵانە فراوانتر بکەین رووەو وڵاتانی دەوروبەر. من کاتێك لە وەزارەتی رۆشنبیری بووم لەگەڵ هاورێیانم (جیهاد دڵپاکو گەزیزەخانو نەجم هۆگر) پرۆژەی سازدانی فێستیڤاڵی رۆژهەڵاتمان خستە بەردەم وەزیرو پێشمان لەسەر سازدانی داگرت، ئەگەر فێستیڤاڵێکی لەم چەشنە سازبدرێتو نمایشی شانۆیی وڵاتانی (رۆژهەلاتی ناوەراست)ی تیا نمایش بکرێت، بێگومانم لە ئەنجامی (کارتێکردنو کارلێکردنەوە) رەوتە شانۆییەکەی ئێمەش جوڵەی تێئەکەوێتو بەئاراستەی هەڵکشان هەنگاو ئەنێت. سازدانی فێستیڤاڵی داخراو نیشانەی کاڵفامیو درکپێنەکردنە، فێستیڤاڵی کراوەش رووەو دەوروبەر نیشانەی درککردنە بەحەقیقەتەکانی داهێنان وەك یەکەیەکی ئیستاتیکی.

***پێت وایە بەچ سیستەمو میکانیزمێك شانۆ لەم قۆناغەی ئێستای تێدەپەڕێتو شانۆو بینەر ئاشت دەکرێنەوە، بەو پێیەی سالانێك هۆڵەکانی شانۆ جمەیان هاتووە لە بینەر، ئێستا بەپێچەوانەوە، بەدەست نەبوونی بینەرەوە دەناڵێنین؟**

-ئەو ساڵانەی کە هۆڵەکانی شانۆ جمەیان هاتووە، ساڵانی بەر لەراپەڕینە، ئەوکات بینەری شانۆیی کورد تینووی هەناسەدانێك بوو تۆزێك لەخەمە نەتەوەییەکانی برەوێنێتەوە، ئەو دەمە بینەری ناو هۆڵەکانی شانۆ بینەری راستەقینەی شانۆ نەبوون، بەڵکو هاووڵاتیی ئاسایی بوونو تامەزرۆی (بینین)ی خۆیان بوون لەسەر تەختەی شانۆکە، چونکە بەرهەمەکانی ئەوساش هەڵبژاردە بوون لەو دەقانەی کە زیاتر هەستی نەتەوەیی ئەورووژێنێت، وەك (راستییەکە مرد، تریۆ رێوی، کاتێ هەڵۆ بەرزئەفرێ، رەجەبو پیاوخۆران، هاوارێکی تاساو، مانگی ئاوابوو، د. پاڵمێ، سەلەی نانکەر، مۆلەتو...هتد..) لێرەوە پەی بەو راستییە ئەبەین کە ژمارەیەکی زۆری ئەو بەرهەمە شانۆییانەی ئەوسای بەر لەراپەڕین سیاسی بوونو کێشە سیاسییەکانی چارەسەر ئەکرد، بەڵام لەدوای راپەڕین مەسەلەو گرفتە مرۆییەکانی هاووڵاتیی کورد بەبارێکی دی کەوتەوە، ئەگەر بشێت بڵێم زیاتر خواستەکانی (تاك) زاڵبوو بەسەر خواستی کۆمەڵو ئارەزووەکانی تاك کەوتە بەر باسو لێکۆڵینەوە، بەتایبەتیش گرفتە سەختەکانی گەنجان، هەر لە کەمیی دەرامەتەوە تا بەدینەهاتنی خواستەکانیان، ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە کێشە گەورەکانی خێزانی کوردو کۆمەڵگەی کوردستانیو دواتریش دابربوونی تاك لەکۆمەڵ، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی تریشەوە دەسەلات نەیتوانیوە بەدەزگاکردنی هونەری شانۆ بەئەنجام بگەیێنێت، چونکە بەدەزگاکردنی شانۆ ئەبێتە هۆی پلاندانان بۆ بەرنامەڕێژیو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی شانۆیی لەبەر رۆشنایی میتۆدو تیۆرەکانی شانۆی جیهانی. بۆیە ئەڵێم ئاشتبوونە بە بەدیهێنانی خواستو ئارەزووەکان دێتەکایەوە بەوەلامدانەوەی پرسیارە ئەزەلیو هەنوکەییەکان جێبەجێ ئەکرێت، بەورووژاندنی قولایی هەستەکان لەدایك ئەبێ، کە شانۆی کوردیو شانۆکارانی کورد ئەمەی پێنەکراوە، دواجار ناشبێت رێپۆرتواری ساڵانەی

شانۆییمان لەیادچێت، چونکە بەردەوامیی نمایشی شانۆییو والاکردنی دەرگاکانی هۆڵەکانی شانۆ هەنگاوی یەکەمە بۆ ئاشنابوونو دواتر ئاشتبوونەوەو بەردەوامبوونو قاڵبوونەوە لە ئەزموونە (حسییەکانی) بینەر لەبەرانبەر ئەزموونە ئیستاتیکییەکانی شانۆ.

***وتەیەکی باو هەیە دەڵێت: (سەرکەوتنی هەر نمایشێك لە بلیتفرۆشەکەی بپرسە، ژمارەی بلیتەکانی ئاستی کاریگەریی بەرهەمە هونەرییەکە دیاریدەکات)، لە زۆرێك لە ولاتانی دونیادا بەبلیت بینەران دەچنە ژوورەوە بۆ بینینی نمایشەکان، بەلام لای ئێمە نەك بلیت نییە، بەخۆڕاییش تەنها بەشێك لە شانۆکاران دێن بۆ نمایشەکانو بەردەوام هۆڵەکانی نمایش چۆڵ دەبینرێن، بۆ؟**

-لەکوردستاندا بینەری ڕووناکبیرمان نییە، بینەری شانۆیی بەئاگاو وشیارمان نییە، هەشبێت بەپەنجەی دەست ئەژمێردرێن. شانۆ وەك هونەر کردەیەکی ئیستاتیکیی مەعریفییە، بنەماکانی لە زانستەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەوەی گەشە بکات پێویستە هەم ئەکتەرو هەم بینەر تەواوکەری یەکدی بنو بەئاگابن لە وردەکارییەکانی کاری شانۆیی، یان هەر هیچ نەبێ بینەر شارەزایی هەبێت لە شیکردنەوەو راڤەکردنی ئاماژەکانی جەستەو کاریگەریی ڕووناکی لەسەر پێکهاتە شانۆییەکانو بنەما هونەرییەکانی دارشتنەوەو بونیادنانی پانتایی شانۆیی. جا ئەگەر ئەمە پێناسەی بینەری شانۆیی بێتو لەلای ئێمەش ئەم جۆرە بینەرە دەگمەن بێت، ئیتر چۆن ئەتوانین سەرکەوتنی نمایشەکان بەفرۆشتنی (بلیت)ەوە پێوانە بکەین؟! خۆ لەساڵانی حەفتاکانو هەشتاکاندا چوونە هۆڵەکانی نمایش بەفرۆشتنی (بلیت) بوو، ئەودەمە نمایشی شانۆیی وا هەبوو پتر لە مانگێك نمایش ئەکراو زۆر جاری وا هەبوو (بلیت)ی هەفتەیەك پێش وەخت فرۆشرابوو، بەلام وەك وتم ئەو بینەرەی ئەوسا بینەری ڕاستەقینەی شانۆ نەبوون، بارودۆخە سیاسییەکەی ئەوسا ناچاری کردبوون ڕوو لە هۆڵەکانی نمایش بکەن بۆ ئەوەی گوێیان لە وەلامی پرسیارە هەنووکەییەکانیان بێت، نەك وەلامە فەلسەفییە هەمیشەییەکان کە مرۆڤایەتی پێی ئەتلێتەوەو وەلامیان نییە.

لە کۆتاییدا ئەڵێم حاڵی حازر لە کارە شانۆییەکاندا داهێنان بەدی ناکەین، ئەزموونەکان پوچبوونەتەوە، چالاکی شانۆیی بەردەوام نییە، ئەوەیشی هەیە هەندێ هەوڵی نەزۆکن، چاوەڕوانی باشتریان لێناکرێت، کاریش وا بڕوات هۆڵەکان هەر بەچۆڵی ئەمێننەوە.

***پێت وایە لە بەردەم هەموو ئەم گرفتو ئاستەنگانەدا کە باسمانکردن، گروپو تیپە شانۆییەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەبێت لە چارەسەرکردنو تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخەی شانۆ کە ئێستا پێیدا دەڕوات؟**

-پێم وا نییە لەبەردەم هەموو ئەم گرفتو ئاستەنگانەدا گروپو تیپە شانۆییەکان بتوانن چارەسەر بدۆزنەوەو ڕۆڵ بگێڕن لە گەشەپێکردنی شانۆی کوردیو تێپەڕاندنی قەیرانەکانی. بەلای منەوە تەنها چارەسەر بەدەزگاکردنی شانۆو بەرنامەڕێژیی ساڵانەی چالاکیی شانۆییە لە شارە گەورەکانی کوردستان بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کاری شانۆیی بەردەوام، واتا هەموو ڕۆژێك لە هۆڵەکان (نمایش)ی شانۆیی هەبێت بۆ ئەوەی بەپێی ڕیتمو پێوەرەکانی ژیانی ئێستای مرۆڤی کورد لە ولاتەکەماندا پردێك لە نێوان بینەرو نمایشەکان بدۆزینەوە، بەمەبەستی تێپەڕاندنو پەڕینەوەی گرفتەکان.